وەحی دابەزێنرا بۆ سەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو تەمەنی چل ساڵ بوو

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «وەحی دابەزێنرا بۆ سەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو تەمەنی چل ساڵ بوو، سیانزە ساڵ لە مەککە مایەوە، پاشان فەرمانی پێکرا بە کۆچکردن بۆیە کۆچی کرد بەرەو مەدینە، ولەوێش دە ساڵ مایەوە، پاشان وەفاتی کرد -صلى الله عليه وسلم-».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە وەحی دابەزێنرا بۆ سەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو تەمەنی چل ساڵ بوو، سیانزە ساڵ لە مەککە مایەوە پاش ئەوەی وەحی دابەزی، پاشان فەرمانی پێکرا بە کۆچکردن بۆیە کۆچی کرد بەرەو مەدینە، ولەوێش دە ساڵ مایەوە، پاشان وەفاتی کرد -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا تەمەنی شەست وسێ ساڵ بوو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65050